# دوێنی نەساجی کوردستان، ئەورۆ شیرکەت واحید، چاوەڕوانی سبەینێین

بەدوای دەستگیر کردنی 8 کەس لە ئەندامانی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی و ژمارەیەکی‌تر لە هەڵسوڕاوانی سەندیکای سەربەخۆی کرێکاران و کارمەندەکانی شیرکەت واحیدی ئۆتوبوسرانی تاران لە رۆژی پێنجشەممە 1ی بەفرانبار، ئەو سەندیکایە بەمەبەستی ئازاد کردنی نوێنەرەکانیان، لە ڕۆژی یەکشەممە 4ی بەفرانباردا بانگەوازی رانندەکانی و کارمەندەکانی ئەو شیرکەتەی بۆ مانگرتن کرد.

لە وەڵام بەو بانگەوازە دا، رانندەکان و کارمەندەکانی شیرکەت واحید هاوئاهەنگ دەستیان دایە مانگرتنێکی بەرێن. ئەگەر چی داوای مانگرتوان سەرەتا ئازاد کردنی دەس بە جێی ئەندامانی بەڕێوەبەری سەندیکا بوو بەڵام لە رەوتی مانگرتنەکە دا داخوازیەکانی پیشوشیان کە وەڵامی پێ نەدرابۆوە، هینایە گۆڕێ.

ئەو مانگرتنە کە یەکێك لە گەورەترین مانگرتنەکانی ئەم چەند دەیەی ڕابردوو بوو، تڕافیك چەند بەشێکی بەرین لە تارانی فەلەج کرد، و لە هەموو بۆارەکانی ژیانی ئاسانی دانیشتوانی شاری تاران رەنگی دایەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە مانگرتنەکە هەر لە سەعاتە سەرەتاییەکانی رۆژی یەکشەممە، بە ڕاوەستانی ئۆتوبوسەکانی شیفتی شەوانە لە پاڕکینگەکان و پیکێتی رانندەکانی ئەو دەستپێکرد بوو وە هەروەها رانندەکانی شیفتی بەرەبەیانیش بەوان پەیوەست ببوون، بەڵام هەواڵنێرییەکانی ناو خۆی ئێران هەتا سەعات (9/30)ی بەر لەنیوەڕۆ لە بەڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی ئەو مانگرتنە خۆیان پاراست، وە بەم شێوەیە هەوڵیاندا تا بەکێشانی پەردەی سانسۆر بە سەر ئەو مانگرتنە گەورەیە، لە رادەی دەنگ دانەوە و لە کاریگەرییەکانی کەم بکەنەوە.

بەڵام وەزعی شڵەژاوی شاری تاران و فەلەجبونی تڕافیك لە مەنتەقە ناوەندییەکانی ئەو پێتەختە قەرەباڵغە و دروستبوونی کۆبوونەوەی گەورە لە ئیستگاکانی ئۆتوبوس، بێدەنگییە پڕ مەعناکەی هەواڵنێرییەکانی ناوخۆی شکاند.

لە سەعات 10ی بەیانی‌یەوە هەواڵنێرییەکانی ناوخۆ و بە پارێز و بە تەسەوە دەستیان کرد بە باس کردن لە سەر مانگرتنەکە و هەوڵیاندا بەرینایی ئەو مانگرتنە بەرتەسك نیشان بدەن ولە گرینگیەکەی کەم کەنەوە.

مەستەفا نوریا مەدیر عاملی شیرکەتی ئۆتوبوسڕانی و یەکێك لەو کەسانەی کە هاوڕێ لەگەڵ شووڕائیسلامییەکانی کار لە دروستکردنی پەروەندە بۆ سەندیکای شیرکەت واحید دەوری هەبوو وە هەروەها لە چەند رۆژی رابردوو لە بەرامبەر هێرشی ئینسان ڕفینەکانی وەزارەتی ئیتلاعات بۆ سەر هەڵسووڕاوانی سەندیکای کرێکارانی شێرکەت واحێد بێدەنگ ببوو، هاوکات لەگەڵ دەسپێکردنی مانگرتن لە کۆبوونەوەیەکی بە پەلە دا لەگەڵ کاربەدەستانی سەرەوەی رژیم بۆ کۆتایی هێنان بە مانگرتنەکە بە دوای ڕێگاچارەدا گەرابوو. نووییان کە هەتا سەعات 11ی بەرلە نیوەڕۆ لە ژێر ناوی بەشداری لە کۆبوونەوە خۆی لە بەرامبەر هەواڵنێراندا دەرنەخست، وەکوو کارفەرمایەك لەوت ووێژیکی رۆژنامەوانیدا بەڵێنی دا کە بە مەسەلەی مانگرتنی رانندەکان ڕادەگات.

لە لایەکی‌تر ژمارەیەك لە مانگرتووان و ئەندامانی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی سەندیکای شێرکەت واحێد کە وەزارەتی ئیتلاعات بەمەبەستی پێشگرتن بە پەرەگرتنی زۆرتری مانگرتنە کە ئازادیان کردبوون، وێڕای پەیوەستبوون بە مانگرتووان وەڵامیان بە پرسیارەکانی هەواڵنێرانی دەرەوەی سنوور سەبارەت بە مانگرتن وداخوازییەکانی کرێکاران داوە.

مێهدی چەمران، سەرۆکی شۆرای شاری تارانیش بە مەبەستی زەمینە خۆش کردن بۆ توندو تیژی نواندن لە دژی مانگرتوان لەبەشێك لە وت وێژ رۆژنامەوانییە کەیدات وتی:
مانگرتنی کارمەند ورانەندەکانی شێرکەت واحێد نەتەنیا سینفی نییە، بەڵکوو مەسەلە سیاسییەکان بەسەر مەسەلە سێنفی‌یەکاندا سوار بوون.
چەمران کە هەڵویستێکی دژی کرێکاری ودوژمنکارانەی هەبوو، سەندیکای شێرکەت واحێدی بە نایاسایی ئەژمارد و وتی: کرێکارانی شێرکەت واحێد تەشکیلاتیان هەیە و پێکهینانی سەندیکا لەلایەن وەزارەتی کارەوە بەنایاسایی راگەیەندراوە. ئەو لە درێژەدا وتی: ئەگەر پێویست بێت لە باقی رێکخراو و ناوەندەکان بۆ گواستنەوەی خەڵك کەڵك وەردەگیردرێت.
چەمران، نوریان و باقی مەقامەکانی حکومەت لە کردەوەیەکی هاوئاهەنگ ودژی کرێکاریدا هەر لە سەعاتە سەرەتاییەکانی دەسپێکردنی مانگرتنەوە هەوڵیاندا تا بە رژاندنە سەر خیابانی هێزەکانی گاردی وێژە، هێزی ئینتزامی وخستنەڕێی ئۆتۆبوسەکانی سپای پاسداران، هێزی ئینتزامی و واحێدەکانی گەشت، هەم مانگرتووان سەرکوت بکەن و هەم ئەوەیکە بە گواستنەوەی خێرای مۆسافێرەکان بەر بە دروستبوونی هەرجۆرە کۆبوونەوەیەك بگرن کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە کۆبوونەوەی ئێعترازی. هاوکات لەگەڵ ئەمەش بە بەکارهێنانی رانەندە و ماشێنەکانی هێزە چەکدارەکان، مانگرتنەکە بشکێنن.
سەرەرای تەواوی ئەو کردەوە پێشگیرانانە و ئەو تاکتێکە دژی کرێکارییانەی دەوڵەت و کارفەماکان و هاوکاتبونی دەستگیرکردنی ئەندامانی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی سەندیکا و باقی هەڵسووراوەکانی ئەو لەگەڵ تەعتیلاتی کریسمەس، دەستگیربوونی ئەو کرێکارانە لە ئاستێکی نێونەتەوەییدا لەلایەن ژمارەیەك لە رێکخراو و تەشەککولە کرێکارییەکانەوە مەحکووم کراو هەواڵەکانی پێوەندیدار بە مانگرتن لە ئاستێکی بەریندا چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دەرەوەدا بڵاو بۆوەوە و رەنگی داوە.
هەروەها دەستگیرکردنی هەڵسووراوانی سەندیکای شیرکەت واحێد لەلایەن رۆرێك لە رێکخراوە کرێکاریەکان و حیزبە چەپەکانەوە ئیعترازی پێکرا. ئەو رەوت و رێکخراوانە هەروەها پشتیوانی خۆیان لەو مانگرتنە دەربڕیَ.
ئەو مانگرتنە هەروەها مانگرتنی کرێکارانی نەساجی کوردتسان و باقی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان، دەرس و ئەزمون و تەجرەبەی زۆری بەجیَهێشت. یەکێك لە دەرسەکانی ئەو مانگرتنە، رێکخراو بوونی ئەو بوو.
ئەو مانگرتنە هەروەها جارێکی‌تر ئەوەی سەڵماند کە رێکخراوە بە ناوە کرێکاریەکانی سەر بە دەوڵەت بەرەو لەناو چوون دەچن. لەو مانگرتنەدا کرێکاران دروشمی هەڵوەشانەوەی شوورا ئیسلامییەکان جارێکی‌تر بەرز کردەوە. دروشمێك کە لە پاڵ باقی داخوازیەکانی چینی کرێکار دروشمییکی گەلێك گرینگی ئەو سەردەمەی چینی کرێکاری ئێران دێتە ئەژمار.
رانەندەکانی شێرکەت واحێد بەکوژاندنەوەی مۆتۆری ئۆتوبوسەکان، نیشانیاندا کە بەبیَبوونی ئەوان دڵی تارانی گەورە لە لێدان دەکەویَ. مانگرتنی سەرکەوتووانەی رانەندەکانی شێرکەت واحێد گەلێك دەرسی بە نرخی بە ئەزمونەکانی تا ئیستای چینی کرێکاری ئێران زیاد کرد و جارێکی‌تر نیشانی‌دا کە چینی کرێکاری رێکخراو و خاوەنی چ هێزە و توانایەکی لە بن نەهاتۆە و چڵون رەرەوەی ژیانی کۆمەڵگا بە دەستی ئەوان بەرەو پێش ئەروات.